# سلێمانی دەست بە شەڕە پەڕۆ دەکاتەوە

## "ترسی ئەوەمان هەیە ئەم دیاردەیە کێشەی گەورەتر و شەڕێکی تری ناوخۆمان بۆ بنێتەوە"

سەنگەر عەبدولرەحمان



دوای تێپەڕبوونی هەفتەیەک بەسەر بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان، دیاردەی شەڕەپەڕۆ و گرتنی شەقامە سەرەکییەکان و کۆبونەوەی جەماوەری لە شاری سلێمانی پەرەدەسێنێت، چاودێرانیش پێیان وایە ئەگەر ئەم دیاردەیە بەو شێوەیەی ئێستا بەردەوامی هەبێت، دوور نییە کارەساتی گەورە و شەڕێکی تری ناوخۆ بەد وای خۆیدا بێنێت. بەڕێوەبەری گشتی ئاسایشیش رایدەگەینێت هەر قەوارەیەکی سیاسی پەنا بۆ توندوتیژی بەرێت بە پێی یاسا مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت و سزا دەدرێت.

لە بارەی دووبارە سەرهەڵدانەوەی دیاردەی شەڕەپەڕۆ لە شاری سلێمانی هاوژین مەلا ئەمین مامۆستای زانکۆی سلێمانی پێی وایە ئەگەرچی دیاردەکە دیاردەیەکی جیهانیە و تایبەت نییە بە کۆمەڵگای ئێمە، بەڵام جیهانیبوونی دیاردەکە گوزارشت لە تەندروستی ناکات، بۆیە بە بڕوای ئەو دیاردەیەکی ناتەندروستە، بە تایبەت لە بارودۆخی کۆمەڵگای کوردیدا، کە کۆمەڵگایەکە بڕێکی زۆر چاوەڕوانی لەو لیستانە هەیە کە بەشداری هەڵبژاردن دەکەن.

هاوژین وتی "بە تایبەت ئێستا ململانێیەک هەیە، خەڵک بڕوای وایە ململانێیەکە لە ئاستێکی فکری و پرۆژەی جیاواز جیاوازدا دەبێت، لە ئاستی یەکلاکردنەوەی کۆمەڵێک کێشەی زۆر چارەنوسسازدا دەبێت، کە هەتا ئێستاش لە کوردستان بوونی هەیە، بۆیەبە بڕوای من لە جیاتی ئەو شەڕە پەڕۆیە کە دەشێ بەرەو ئاژاوە و پشێوییەکی تری ناوخۆمان بەرێتەوە، هەق بوو ئەو لیستانە بیریان لەو بکردایەتەوە، کە وتەبێژە رەسمیەکانیان و کاندیدەکانیان بۆ هەڵبژاردن خیتابی جەماوەریان هەبوایە. بەڵام تەرکیز خستنە سەر شەڕەپەڕۆ و هۆڕن لێدان و سەرپێچی هاتوچۆ لە جیاتی پێشنیارکردنی پرۆژە و سازکردنی دیالۆگ لە نێوان ئەو لیستانەدا، نیشاندەری ئەوەیە کە ناشێت ئێمە چاوەڕوانیەکی ئەوەندە گەورەمان لەو ململانێیەی هەڵبژاردن هەبێت".

هەرچەند سەرکردەی لیستەکان لە چەند بەیاننامە و لێدوانێکی جیادا داوای ئەوەیان لە لایەنگرانیان کرد، کە هێمنی بانگەشەی هەڵبژاردن بپارێزێن، بەڵام ئەم لێدوانانە نەیانتوانی ئەو توندوتیژیانە کەم بکەنەوە و تا ئێستا شەوانە لە شەقامە سەرەکیەکانی سلێمانی دیاردەی شەڕەپەڕۆ و هێرشکردنە سەر یەک لە لایەن لایەنگرانی قەوارە سیاسیەکانەوە بوونی هەیە. ئەو مامۆستایەی زانکۆ بە دووری نازانێت دەرکەوتنەوەی دیاردەی شەڕەپەڕۆ و روودانی چەند کێشەیەک لە چەند رۆژی رابردوو دەستی قەوارە سیاسیەکانی لەپشتەوە بێت بۆ ئەوەش دەڵێت "ئەو لیستانە کۆمەڵێک شوێنیان لەسەر شەقام و لە ناو کۆڵانەکان بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن دروست کردوە، کە هەمو پەیام و بەرنامەیەکیان بریتیە لە دابەشکردنی پەڕۆ و رەنگی جیاواز جیاواز و دواجار ناردنی خەڵک بۆ سەر شەقامەکان. ئێمە لە یەکێک لەو بنکانەوە گوێمان لە وشەیەکی تەندروست نەبووە، لەسەر ئەوەی کە بانگەشەی هەڵبژاردن دەبێت چۆن بێت. داواکاریەکی ڕاستەوخۆیان لە جەماوەری خۆیان نەکردوە، کە ڕەچاوی بارودۆخی ناسک و نالەباری کوردستان بکەن، بۆیە ئەوە ئیزدواجیەتێکی ترە لەو ئیزدیواجیتانەی کە لە ناو لیستەکاندا هەیە".

هاوژین مەلا ئەمین روونیشی دەکاتەوە دەنگدەری کورد زیاتر لەوەی پێوستی بەو شەڕە پەڕۆیە هەبێت پێویستی بەوە هەیە، کە لیستەکان عاقڵانە و هێمنانە قسەیان لەگەڵ بکەن، بەرنامە و پڕۆژەکانی داهاتوویان بۆ روون بکەنەوە. هەروەها دەڵێت "ترسی ئەوەمان هەیە ئەم دیاردەیە کێشەی گەورەتر و شەڕێکی تری ناوخۆمان بۆ بێنێتەوە، چونکە ئەو لیستانە لە کێبڕکێی بەهێزدان و کۆنترۆڵی جەماوەری خۆیان پێناکرێت".

بە بۆچوونی رۆژنامەنوس ئەنوەر حسین بازگر دیاردەی شەڕە پەڕۆ بۆ ئێستای کوردستان دیاردەیەکی تەندروست نییە، چونکە وەک ئەو دەڵێ "ئێمە پێشینەیەکی خراپمان لەم بوارە هەیە، راستە ڕێکلامکردن کارێکی ئاساییە، بەڵام دەبوو ئەم سەردەمە جیاوازتر بێت. لە چەند ڕۆژی رابردودا هەندێ لەم ڕێکلامکردنە بۆتە هۆی ناشیرینکردنی پڕۆسەکە و بۆتە هۆی نارەحەتکردنی بەرامبەر، دەکرێت ئێمە بانگەشە بۆ لیستەکەی خۆمان بکەین، بەڵام نابێت تەشهیر بە بەرامبەرەکەمان بکەین".

ئەو رۆژنامەنوسە پێ وایە ئەگەر ئەم دیاردەیە بەردەوامی هەبێت و شەوانە شەقامەکان بگیرێن و خەڵک بێزار بکرێت، هەم زیان بە لیستەکە خۆی دەگەیەنێت، هەم وا دەکات لایەنەکانی تریش بێنە نێو پرۆسەکەوە.ئەنوەر حسین دەشڵێت "رەنگە ئەو دیاردەیە بە هاندانی قەوارە سیاسیەکان خۆیان بێت، چونکە ئەو قەوارانە ئەگەر بیانەوێت دەتوانن کۆنترۆڵی ئەو بارودۆخە بکەن، ئەگەر کۆنترۆڵی نەکەن دوور نییە توندوتیژی و شەڕ و کارەساتی گەورەشی لێبکەوێتەوە، لەم کاتەشدا ئەگەر تەنها نەفەرێکیش بکوژرێت لە هەر شارێکی کوردستان، زیان بە کۆی پرۆسەکە دەگات و پڕۆسەکە ناشرین دەکات".

دواجار بازگر رەخنە ئاڕاستەی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان دەکات، کە تا ئێستا نەیتوانیوە رۆڵی خۆی ببینێت و لێپرسینەوە لەگەڵ ئەو لایەنانانە بکات، کە پەنا بۆ توندویژی و کاری نایاسایی دەبەن. پێشی وایە ئەو کۆمسیۆنە دەزگایەکی بێ دەسەڵاتە و توانای ئەو لێپرسینەوەیەی نییە.

بەڵام تاهر محەمەد ئەمین بەڕێوەبەری ئۆفیسی سلێمانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان ئاماژەی بۆ ئەوە کرد، کە هەموو قەوارەیەکی سیاسی کە هاتووە، سەرەتا بۆ وەرگرتنی راستاندن (مصادقە) بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان یەکەم شت خۆی واژوی لەسەر بنەماکانی رەفتار کردوە (قواعد سلوک)، کە خۆی پابەند کردوە بە چەند کارێک. هەروەها بەچەند کارێک کە نابێت بیکات،بۆ ئەوەش وتی "هەموو قەوارەیەکی سیاسی دەبێت پابەند بێ بە بنەماکانی رەفتار، کە هەموو قۆناغەکانی هەڵبژاردنی دیاری کردوە، لە ناویدا قۆناغی بانگەشەی هەڵبژاردن، کە بە چەند خاڵێک دیاری کراوە و لای هەموو قەوارە سیاسیەکان هەیە.

لە بارەی لێپرسینەوە لەگەڵ قەوارە سیاسەکاندا، لە کاتی روودانی پێشێلکاری، تاهر محەمەد وتی "بە دوو شێوە لێپێچینەوەکە ئەنجام دەدرێت، یەکەم ئەگەر قەوارەیەکی سیاسی سکاڵا بەرامبەر بە قەوارەیەکی تری سیاسی پێشکەش بکات لە یەکێک لە ئۆفیسەکان دواتر ئۆفیسەکان ئەو سکالایە بەرز دەکاتەوە بۆ کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان، لەوێش لیژنەی سکاڵا هەیە، تاوتوێی دەکات و پاشان ئەنجومەنی کۆمسیاران تەماشای دەکات و بڕیاری لێدەدات، یەکێکی تریان ئەوەیە ئێمە وەکو ئۆفیسەکانی کۆمسیۆن خۆمان لیژنەیەکمان هەیە بە ناوی لیژنەی چاودێری، ئەو لیژنەیە هەر سەرپێچیەک ببینێت، کە پێچەوانەی یاساکانی هەڵبژاردن بێت، لەلایەن قەوارەیەکی سیاسیەوە، بە راپۆرتێک بەرزی دەکەینەوە بۆ کۆمسیۆنی باڵا هەڵبژاردن و دواتر لێپێچینەوە لەگەڵ ئەو قەوارە سیاسیەدا دەکرێت".

لە بارەی جۆر و شێوازی لێپێچینەوەکانیش وتی"بە پێی خروقاتەکان لێپێچینەوەکان دەگۆڕێت، تیدایە غەرامەی داراییە، هەروەها سوتاندنی دەنگانەکانی قەوارەیەکی سیاسی لە ناوەندێکی دیاریکراودا، تا دەگاتە لێسەندنەوەی متمانە لەو قەوارە سیاسیە". بە پێی وتەی بەڕێوبەری ئۆفیسی سلێمانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان تا ئێستا تەنها لە شاری سلێمانی زیاتر لە 40 سکاڵای لە لایەن قەوارە سیاسیەکانەوە تۆمار کراوە و روونیشی کردەوە، کە سکاڵاکان بە زۆری لەسەر ئەوەیە، کە لایەنگرانی قەوارەیەک پۆستەری قەوارەیکی تری لێکردۆتەوە، یان هەندێ سکاڵا هەیە باس لەوە دەکات، کە لایەنێک ئیستفزازی لایەنێکی تر دەکات.

هاوکات حاکم قار حەمەجان بەڕێوبەری گشتی ئاسایشی گشتی داوای لە هەموو قەوارە سیاسیەکان کرد، کە دوور لە تەشهیر و قسەی نابەجێ و بە هێمنی و ئارامی بانگەشەی هەڵبژاردن بکەن، بە پێویسیشی دەزانێت هەموو قەوارە سیاسیەکان ئەو ئارامی و ئاسایشە بپارێزن کە لە کوردستاندا هەیە و وتیشی "لایەنگرانی هەموو قەوارە سیاسیەکان مافی خۆیانە بانگەشە بۆ لیستەکەیان بکەن، بەڵام بە دوور لە کاری تێکدەرانە و ئەنجامدانی توندوتیژی، بە پێچەوانەوە هەر کەس پابەندی رێنماییەکانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان نەبێت و پەنا بۆ توندوتیژی بەرێت، بە پێی یاسا مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت و سزا دەدرێت".

# سوپای عێراق پشتگیری لە ئەسیل نوجەیفی دەکات

## "دەیانەوێت دەست بەسەر مەخموور و دیبەگە و گوێڕ و حەمدانییەدا بگرن"

ڕێبوار رەزا چوچانی- هێمن مامەند

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست (بارزان) کەوتوون، سوپای عێراق بۆ پشتگیری لە پارێزگاری ئێستای موسڵ، بە نیازبوون دەست بەسەر ناوچەی مەخمووردا بگرن" پلانەکەیان ئاشکرابووە"، هاوکات لیستی برایەتی نەینەوا، داوا لە سەرۆکی هەرێم دەکەن، ڕێگەیان پێبدرێت بارەگای ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی ناوچەدابڕاوەکانی سنووری موسڵ بکەنەوە.

دوای ئاشکرا بوونی پلانەکەی سوپای عێراق، بۆ دەست بە سەرداگرتنی ناوچەی مەخموور، ئێستا سوپای عێراق لە ناوچەی گەیارە و حەمام عەلی نیشتەجێ بوون، سەرچاوەیەکی سەربازی سوپای عێراق لە ناوچەی مەخموور، بە (بارزان)ی راگەیاند، مەبەستی هاتنی سوپای عێراق بۆ ناوچەی مەخموور، دەست بەسەرداگرتنی ناوچەکەیە، چونکە وەک ئەو سەرچاوە سەربازییە وتی" ئەو سوپایە هاتوون بۆ ئەوەی دەست بەسەر مەخموور و دیبەگە و گوێڕ و حەمدانییەدا بگرن، چونکە ئەوان دەیانەوێت پشتگیری لە ئەسیل نوجەیفی پارێزگاری موسڵ بکەن"، ئەو سەرچاوە سەربازییەی سوپای عێراق، کە نەیویست ناوی بهێنرێت، ئاماژەی بەوەشدا، سوپاکەی عێراق پێکهاتوون لە" فەوجی 1 و 2 و 3 و 4ی لیوای 26ی فیرقەی 7ی ئەنبار، جبەخانەیەکی باشیان هەیە و پێشکەوتووترین چەکیان پێدراوە، ژمارەشیان نزیکەی 3500 سەرباز دەبێت"، هەروەک ئەوەشی ئاشکرا کرد، دوو رۆژ پێش هاتنی سوپاکە، فەرماندەی لیوا و جێگرەکەشیان گۆڕیووە، بۆیە بڕیاری هاتنی سوپای عێراقی بۆ ناوچەی مەخموور، بە بڕیارێکی" موفاجئ" وەسفکرد.

لەلایەکی ترەوە، ئەشواق کەمال، ئەندامی لیستی برایەتی نەینەوا، کە بەهۆی هەڵوێستەکانی لیستی حەدبا و بێبەشکردنی لیستەکەیان، لە پۆستە ئیدارییەکانی شاری موسڵەوە، بایکۆتی دانیشتنەکانی ئەنجومەنی ئەو پارێزگایەیان کردووە، لە لێدوانێکدا بۆ (بارزان)، ئاشکرای کرد، کە لە دوای هاتنی ئەو سوپاوە" کارەبای نیشتیمانی مەخمورییان بڕیووە"، هاوکات بە گومانەوە باسی بڕیاری هاتنی سوپای عێراقی بۆ ناچەکە کرد، چونکە وەک ئەو وتی" ئەوان دەڵێن دەبێت فەوجێکمان لە مەخموور بمێنێتەوە، لە کاتێکدا ئێمە لە مەخموور ئاسایشمان هەیە، لە هەمانکاتدا فەوجێکی سوپای عێراقیشی لێیە، راستە ئەو فەوجە زۆربەیان کوردن، بەڵام ئەوان سوپای عێراقن".

بەپێی ئەو زانیارییانەی تا ئێستا لەسەر ناوچەکانی مەخموور و گوێڕ و سەرگەڕأن بڵاو کرانەتەوە، ئەو ناوچەیە خاوەن رێژەیەکی زۆری نەوتە، بە قەبارەی زیاتر لە 500 بیرە نەوت، کە زۆرێک وای بۆ دەچن، بەشێک لە پلانی هاتنی سوپای عێراق بۆ ناوچەکە، کۆنترولکردنی ئەو ناوچانەیە، کە زۆرترین رێژەی نەوتییان تێدایە، بۆیە لای لایەنی کوردیش، ئەو ناوچانەی کێشەیان لەسەرە و یەکلایی نەکراونەتەوە، نابێت سوپای دەوڵەت، بەبێ ئاگاداری حکومەتی هەرێم بچنە ئەو ناوچانەوە، هەر لەو بارەوە بارزان سەید کاکە، قایمقامی قەزای مەخموور، بە(بارزان)ی راگەیاند، مەبەست لە هاتنی ئەو سوپایە، دورستکردنی کێشەیە بۆ ماددەی 140، چونکە وەک ئەو وتی" پێمانوایە ئەوان بۆ ئەوە هاتبوون، کە لە دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا، کۆنترۆڵی ئەم ناوچەیە بکەن، بەڵام ئێمە پێمانوایە مەبەستیان ئەوە بوو ئاژاوە بنێنەوە و فشارێک بخەنە سەر ئەو ناوچانە، تا نەهێڵن ماددەی 140 جێبەجێ بکرێت".

ئەشواق کەمال، ئەندامی لیستی برایەتی نەینەوا، ئەوەشی ئاشکراد، کە لیستەکەیان لەگەڵ کەریم سنجاری وەزیری ناوخۆ کۆدەبێتەوە، لە بارەی ناوەرۆکی کۆبوونەوەشەوە کە بە نیازن ئەنجامی بدەن وتی"دەمانەوێت لە رێگەی وەزیری ناوخۆوە دەنگمان بگەیەنینە سەرۆکی هەرێم، کە ئێمە دەمانەوێت لە یەکێک لە ناوچە دابڕاوەکاندا، بارەگای خۆمان دابنێین، وەک ئەنجومەنێکی بەڕێوەبردن، چونکە ئەوە بۆ ماوەی 6 مانگ دەبێت هیچ پرۆژەیەکی خزمەتگوزاری لەو ناوچانە نەکراوە".

